

# مەترێک کتێبی پیرۆزەیی

**محەمەدفەریق حەسەن**
**(دانیمارک)**

ئەو بە قاتی نیلی و کراسی شیری و ملبەندی جەرگی و پێڵاوی ڕەشی تازە بۆیاخەوە، بە قژی ڕەشی خاوی داهێنراوەوە، بە ئەنگوستیلە زێڕەکەی قامکی باڵابەرزەی دەستی ڕاستییەوە، بە سەعاتە چوارگۆشەییە نوێباوەکەیەوە، لێم وەژوور کەوت و شەپۆلی بۆنێکی گرانبەهای بە کتێبفرۆشییەکەمدا بڵاو کردەوە. منیش خێرا بە پیریەوە چووم.

- فەرموو، بە شوێن چ سەرچاوەیەکدا دەگەڕێن؟ هەر لای من دەسکەوێت بەسەر چاو!
- کتێبفرۆشییەکی فراوان و دەوڵەمەند دیارە، لەوانەیە ئەوەی من بە شوێنیدا وێڵم لێرە دەسبکەوێت.
- جا ئەگەر لێرەش دەسنەکەوت، ئەمبارەکەم هەروا سەد مەترێک لێمانەوە دوورە.

ئەو، ورد ورد بە پێش کتێبخانەکەمدا دەجووڵا و لەسەرخۆ سەری پەنجەکانی بە پشتی کتێبەکاندا دەهێنا. کاتێک گەیشتە ئەوسەر، هەڵوەستا، گوتی:

- ئەم کتێبە وردیلە و تەنکەڵانە بۆ مەبەست و مگێزی من گونجاو نین!
- جا قوربان خۆ بەهای کتێب بە قەبارە نییە!
- ئەمە قسەیەکی ڕاستە بەڵام من...
- هەرچییەکت بوێت بەسەر چاو.

لەگەڵ جووڵەیدا جیرەجیڕ لە پێڵاوەکانییەوە دەهات.

- ئۆتۆمۆبیلەکەم ئا لێرەدا وەستاندووە...

بە دەست ئاماژەی کرد و لەسەری ڕۆیی:

- ترسی ئەوەم هەیە شوێنەکە ڕێپێدراو نەبێت.

- نانا، ئەو شوێنە ڕێپێدراوە، لەوەیان بێ خەم بە.

بەدەم چاوگێڕانی وردەوە دوو جاری تر ئەمسەر و ئەوسەری کرد، گوتی:

- ڕاستت پێ بڵێم؟

- بەڵێ، ڕاستیم پێ بڵێ.

- قسەیەکی جوانە... من مەترێک کتێبم دەوێت!

- چیی؟ مەترێک کتێب! جا کوا کتێب بە مەتر دەفرۆشرێت؟ خۆ تۆ قوماشم لێ ناکڕیت!

- با، کتێب بە مەتر جوانە! بە مەتر نەبێت نموودی نییە!

هیچ خۆی لێڵ نەکرد و لەسەری ڕۆی:

- ئەم داوایەی من لە بواری خۆیدا نوێیاوە! ڕەنگە داوایەکی لەم جۆرە، هێشتا بە زۆر کەس ئاشنا نەبێت. پەلەت نەبێت، بەم نزیکانە دەگاتە زۆر ماڵ و زۆر کتێبفرۆشی، دەگاتە تۆیش!

- ئاخر چۆن؟ بۆم ڕوون بکەرەوە، تا منیش خزمەتت بکەم!

- ئا، من مەترێک کتێبی پیرۆزەییم پێویستە! تەنیا یەک مەتر! ڕووبەر و ڕەنگی کتێب دوو پرسی گرنگن!

- لە مێرمنداڵیمەوە کتێب دەکڕم و دەفرۆشم، ئەمە یەک، ڕێکەوتی داوایەکی لەم جۆرە بکەم!

من گوێ مووچی ئەو بووم بۆم ڕوون بکاتەوە، کەچی ئەو تەزبیحێکی سەوزی تۆخی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و کەوتە گەمەکردن بە دەنکەکانی، وەختێ دەنکەکان بەر یەک دەکەوتن، دەنگێکی ناسکیان لێوە بڵند دەبووەوە. بە وردی سەرنجم چووە سەر دەست و تەزبیحی. ئەو گوتی:

- نەتهێشت ڕوونی بکەمەوە. من کتێبخانەیەکی ڕەنگینی گەورەم لە ماڵێدا هەیە، هەر زینەتە ورد سەیری بکەیت و لە سایەیدا دابنیشیت و بپەیڤیت. کتێبخانەکەم عەینەن پەلکەزێڕینەیە. هەر بە ڕاستی کتێبخانە زینەتی ماڵە، ماڵی بێ کتێبخانە کەلاوەیە!

- دەمخۆش! من پیرۆزباییت لێ دەکەم.

- جا لەو کتێبخانەیەدا نزیکەی لە هەموو ڕەنگەکان کتێبم هەیە. مەترێک کتێبی مۆری تۆخ، بە ڕەش ناوونیشان و ناوی نووسەر و ساڵی چاپیان لەسەر نووسراوە. لە پاڵیدا مەترێک کتێبی سپی، بە ڕەش لەسەریان نووسراوە، ڕەش و سپی، واتە پێچەوانەی یەک، حاڵی بوویت؟ لەولاتر مەترێک کتێبی ڕەش بە سپی لەسەریان نووسراوە، دیسان پێچەوانەی یەک، ئەوجا مەترێک کتێبی زەرد زەرد، بە سوور لەسەریان نووسراوە، هەروا بێتەوە مەترێک کتێبی قاوەیی تۆخ بە زەردی کاڵ لەسەریان نووسراوە. من ئێستا بە دوای مەترێک کتێبی پیرۆزەییدا وێڵم! تەنیا جێی مەترێکیش لە کتێبخانە ناوازەکەمدا بە چۆڵی ماوە، جا بەرگ و چەعب (وەک عەرەب دەڵێن) تەختیان پیرۆزەیی بێت، ئەگەر بە سپی ناوونیشان و ناوی نووسەر، یان وەرگێڕ و ساڵی چاپیان لەسەر نووسرابێت، بۆ من یەکاویەکە. پێی خەنی دەبم و خەونەکەم دێتە دی! تۆ دەزانی دەرکەوتنی مرۆڤ لە پێش کتێبخانەیەکی وەها دەوڵەمەنددا، کە لە نایابترین دار چێکراوە چ سەڵتەنەتێکە؟

- من بزانم تۆپە قوماش وەها ڕێز دەکرێن، نەک کتێب!

- خراپ لێم تێمەگە. من ڕەنگی چەعبی کتێبەکانم مەبەستە، کە بە عەرەبیی فوسحا (كعب)ی پێ دەڵێن. میوانەکانم لە هەر ئاستێکدا بن، تەنیا ڕەنگی چەعبی کتێبەکان دەبینن. چاوی کامێراش هەر چەعبی کتێبەکان دەبینێت. وا بزانم ئێستا مەبەستم ڕوونە کاکی کتێبفرۆش. لە کورتی بیبڕینەوە، من مەترێک کتێبی پیرۆزەییم لە تۆ دەوێت، جا لە بواری کیمیک، فیزیک، چێشت لێنان، ئەدەب... لە هەر ڕشتەیەکدا بێت، هەر بە مەرجێک چەعبەکەی پیرۆزەیی بێت و بە سپی لەسەری نووسرابێت؟ من بەو مەترە کتێبە پیرۆزەییە دەبم بە خاوەنی کتێبخانەیەکی نموونەیی، حاڵی بوویت، کاکی کتێبفرۆش؟

**گڵێنهاوێن ٢٣ی ٧ی ٢٠٢٤**

**سەرنج: بیرۆکەی ئەم چیرۆکەم لە بەڕێز عەبدولجەبار قەرەداغی بیستووە.**